# تێروانینی ئەرستۆ لە بارەی مەعریفەتناسی

پێشکەش بە بەشی (فەلسەفە) کراوە، وەک بەشێک

لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

لە زانستی فەلسەفە


ئامادەکراوە لەلایەن:

**ئیران علی سمایل**

بەسەرپەرشتی:

**د. نزيرة ابراهيم عبدى**


هەولێر-کوردستان

**٢٠٢٤-٢٠٢٣**

## ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە

ئەم توێژینەوەییە پێشکەش بە.

1.بەتەواوی ئەندامانی خێزانی خوشەویستم.

2.بەهەموفێرخوازانی بەشی فەلسەفە.

3.پێشکەشە بەهەموو مامۆستایانی بەشی فەلسەفە.

4. بــە هــاورێ وخوێنــدکارە خۆشەویســتانەی کە خولیــاو ئــارەزووی فێربوونیــان هەیە لەچوار چێوەی ئەم بابەتە.

## سوپاس و پێزانین

1.ســوپاس و ستایشــی مەزن بــۆ پەروەردکــاری بــاڵا دەســت کە پشــت و پەنــاو هاورێگــام بووە بۆ سەرکەوتنەکانم بەسەر سەختیەکاندا

2.زۆر ســـوباس بـــۆ مامۆســـتای سەرپەرشـــتیارم (د.نزیـــرة ابـــراهیم عبـــدي)کە بـــۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەم زۆر یارمەتیدەر بوو .

3.ســـوباس بـــۆ هەمـــوو ئەو مامۆســـتا و هـــاوریێ و کەســـانەی کە بە وشـــەیەکیش بێـــت توێژینەوەکەمیان دەولەمەندتر کرد بەراو بۆچونەکانیان.

## پوختە

نوسینی توێژینەوەیەک دەربارەی مەعریفەو زانینن لای مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ)راستەوخۆ لۆجیک ومیتافیزیک و بابەتەکانی تری ئەم فەیلەسوفەمان بەمێشکدا دێت،چونکە بابەتی زانین و مەعریفە بە یەکێک لەبابەتە گرینگ و سەرەکییەکانی فەلسەفە دادەنرێت.بابەتەکە تا لێی بکۆلینەوە فراوانتر دەبێ هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ فراوانی بابەتەکە.ئەرستۆ دەربارەی بابەتی مەعریفە هەولێکی زۆری داوە هەروەک لەکتێبێ میتافیزیکدا کە بەمیتافیزیکی ئەرستۆ ناسراوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارلانە بداتەوە کە ئایا زانین چیە؟هۆکارو بنەرەتیەکانی زانین چین؟ ئەو ئامرازانەی کە ئێمە بەهۆیەوە دەزانین چیە؟ئامانج لەم توێژینەوەییە ئاشناکردنی خوێنەرە بەبابەتێکی گرینک بۆ ژیان ئەویش بابەتی مەعریفەو زانینە لەدیدی ئەرستۆ .وە لەم توێژینەویەدا لەرێگای میتۆدی شیکاری و وەسفی هەولم داوە بابەتەکان بخەمەروو. لەکۆتایدا گەشتنیە ئەو ئەنجامەی کە ئامرازی زانین لای ئەرستۆ هەستەکانە بەلام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە تەنها هەستەکان زانینی راستەقینەمان بۆ دەردەخەن. بەلکو ئەرستۆ پێی وابوو زانینی راست و دوورست زانینی هەمەکیەکانە بەڵام مرۆڤ ناتوانی ئاگاداربێ لەم جۆرە زانینە بۆیە لێرە رۆلێ ئاقل دێتە کایەوە.

| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشەکی | 1 |
| گرینگترین رەهەندەکانی توێژینەوە | 2 |
| بەشی یەکەم / پێناسەکردنی چەمکەکان وەک زانین و مەعریفە | 3 |
| بەشی دووەم:زانین لەفەلسەفەی یۆنان<br>تەوەرەی یەکەم:لەدیدی پێش سوکراتیەکان | 5 |
| بەشی دووەم: تەوەری دووەم/ زانین لای پارمەندیس | 6 |
| بەشی دووەم: تەوەری سێیەم/ زانین لەدیدی ئەفلاتۆن (347-426) | 7 |
| بەشی سێیەم:<br>تەوەری یەکەم:بنەماکانی مەعریفەی مرۆی / بنەمای هەستی و ئەزموونی | 10 |
| بەشی سێیەم:تەوەری دووەم/بنەمای ژیری لۆژیکی | 12 |
| بەشی چوارەم: زانینی راستەقینە لەدیدی ئەرستۆ | 14 |
| ئەنجام | 19 |
| لیستی سەرچاوەکان | 20 |

## پێشەکی

ئەم تـــوێژینەوەیە هەوڵ و کۆششـــێکە بـــۆ تـــاوتوێکردنی بیـــرو بۆچـــۆن ئەرســـتۆ لەبـــارەی زانین و مەعریفەوە.

ئەم تـــوێژینەوەیە لە پێشـــەکیەک و چـــوار بەش و ئەنجـــام گیـــرییەک پێکهـــاتووە لەبەشـــی یەکەمـــــدا وەک دەروازەیەک پێناســـــەی ئەم چەمکـــــانە کـــــراون کە نـــــاوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لەسەروبەندیان دەخولێتەوە.

لەبەشـــــــی دووەم کـــــــراوە بەدوو تەوەر.لە تەوەرەی یەکەم هەوڵ دراوە زانـــــــین لای فەیلەســـوفانی پـــێش ســـوکراتی وەک فیســـاگۆراس و پارمەنـــدیس بزانـــدرێت لە تەوەرەی دووەم زانین لەدیدی ئەفلاتۆن باسکراوە

لەبەشـــی ســـێیەم لەدوو تەوەر پێـــک دێـــت لە تەوەرەی یەکەم جەخـــت لەزانینـــی هەســـتی و ئەزموونی دەکەینەوە لە تەوەرەی دووەم باس لەزانینی ئاقل و لۆژیکی دەکەینەوە.

بەشـــی چـــوارم لەیەک تەوەر پێکهـــاتووە بەشـــێوەیەکی گشـــت و پوخـــت بـــاس لەزانـــین و مەعریفە دەکەین لەدیدی ئەرستۆ.

## گرینگترین ڕەهەندەکانی توێژینەوە

1.پرسـی تـوێژینەوە: بنەمـای نوسـینی هەر بابەتێـک یـان هەرتـوێژینەوەیەک پرسـی تـوێژینەوەیە لای *ئەرسـتۆ ئـامرازی وەرگرتنـی زانـین هەسـتەکانە بەلام واتـای ئەوەنـیە کە هەسـتەکان بە تەنهـا دەتـوانن زانینـی راسـتەقینەمان پێشـکەش بـکەن بەلکـو زانینـی راسـت و دلنیـای هەمەکیەکـان کە بەهـۆی ژیـرە پێمـان دەگـات ئەم تـوێژینەوە هەولـدەدات وەلام ئەم پرسـیارانە بـداتەوە. ئـایە زانـین چیـیە لای ئەرسـتۆ ؟ سـەرچاوەی زانـین چیـیە لای ئەم فەیلەسـوفە؟ هەروەهـا ئـامرازی زانین چییە لای ئەو ؟

2.گرینگـی تـوێژینەوە :. هەمـوو تـوێژینەوەیەکی فەلسـەفی گرینگـی تـایبەت بە خـۆی هەیـیە ، وەهەروەهـا دیـاریکردنی گرینگـی تـوێژینەوە یەکـێکە لە ڕەهەنـدە سـەرەکییەکانی تـوێژینەوە کەواتە گرینگـی ئەم تـوێژینەوەییەش بـۆئێمە بـریتیە لەبەدەسـت هێنـانی زانیـاری دەربـارەی بـابەتی مەعـریفەو زانـین کە لقـێکە لەلقەکـانی فەلسـەفە کە زۆربەی فەیلەسـوفە کـۆن و نوێیەکـانیش باسـیان کـردووە . ئەم تـوێژینەوەییە گـرینگە بـۆ خـۆم زانیـاری زیـاتر وەردەگـرم لەسـەر ئەم بـابەتە وەک سـودو یارمەتێـک بـۆ ئەو کەسـانەی کە گرینگـی بە خوێنـدنەوەی فەلسەفە دەدەن وە لایەنی فەلسەفەش زیاتر دەولەمەند دەکات .

2.میتـۆدی تـوێژینەوە:. هەروەک روونە هەمـوو تـوێژینەوەک میتـۆدی تـایبەت بە خـۆی هەیە لەم توێژینەوەیـدا میتـۆدی وەسـفی و شـیکاری بەکـاردێنم بـۆ شـیکردنەوە وەسـف کردنـی بابەتەکـان .

3.ئامـانجی تـوێژینەوە:. ئەنجـام دانـی هەر تـوێژینەوەیەک بەبـێ ئەنجـام نـابێ کەواتە ئامـانجی منـیش لەم تـوێژینەوەییە بریتـی بـووە لە ئاشـناکردنی خـوێنەر بەبـابەتێکی گرینـگ بـۆ ژیـان کە بـابەتی مەعـریفەو زانیـنە لەدیـدی فەیلەسـوفی یۆنـانی ئەرسـتۆ بەهیـوام سـودێکی هەبـێ بـۆ خوێنەرانی فەلسەفەو ئەم قوتابیانەی دوای من دێن توێژینەوە ئەنجام دەدەن .

لەسالێ 384 پێش زاینی لە شاری ستاگیرا، کە دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی یۆنان و ناوچەی مەکدۆنیا لەدایک بووە. ئەمەش ئەوا ناگەیێنت ئەم فەیلەسوفە مەکدۆنیە. بەلکو بە بنچینە یۆنانیە خێزانەکەی پێش لەدایک بوونی ئەرستۆ کۆچیان بۆ ئەو شارەکردووە ، باوکی ئەرستۆ (نیکۆخۆس) بە پیشە پزیشک بووە دایکیشی (فەیستیس) بووە. خەلکی ناوچەی کالکیس بووە. لەبەر ئەمەش ئەرستۆ لە دوا سالێ تەمەنیدا لەبەر کێشەی رامیاری لە ئەسینیا دەردەچی . ئەرستۆ لەتەمەنی 17سالێ بۆ خوێندن دەچێتە لای ئەفلاتۆن لەنێو ئەکادیمادا بەخوێندکارێکی بلیمەت و مێشکی فێرگە دەناسرێت.

ئەڕستۆ لەوپەرەی کە نوسرایە گرینکترین ڕەهەندەکانی توێژینەوە لەکۆتای پەرەکە ئەها کەباسی پرسی توێژینەوە میتۆد و ئامانج لەخوارەوەی ئەو پەرە دەنوسری.

## بەشی یەکەم

## پێناسەکردنی چەمکەکان وەک زانین و مەعریفە

1زانـــین(Epistemology)بـــریتیە لە لقێـــک لە لقەکـــانی فەلســـەفە کە گرینگـــی دەدات بەبوارەکـــانی سروشـــتی زانـــین کە خۆیـــان لەچەنـــد پرســـیارێک دەبینیـــتەوە واک . ســـەرچاوەکانی زانـــین چـــین؟ هەروەهـــا سروشـــتی زانـــین چـــیە؟(عبـــدالجبار،2003،بـــێ لاپەرە)

زانـــین بـــریتیە لە وێنـــاکردنی زانـــراو لەنـــاخی زانەردا.یـــان بـــریتیە لە درکپێکردنـــی فـــۆرمی شـــتەکان و بـــوونەوەر وەک ئەوەی کە هەیـــیە "وەک خـــۆی" یـــان بـــریتیە لە درکپێکردنـــی بابەتی تایبەت و سادە بە هۆی بەلگەوە یان بەبی بوونی بەلگە.(حسین،2002،ل 6)

زانـــین. بـــریتیە لەکـــۆی هەمـــوو ئەو شـــارەزایانەو پســـپۆری داهێنـــانەی کە لە نەویەکەوە بـــۆ نەوەیەکـــی تـــر دەگـــوازرێتەوە ئەنـــدامانی کۆمەلگـــا لە مـــاوەی هەمـــوو مێـــژووی کۆمەلگـــادا و لە ئانجـــامی چـــالاکیە کـــۆمەڵایەتیە جـــۆراو جۆرەکـــان وەدەســـتیان هێنـــاوە کە کەلەکەبـــون، بۆ بەرێوەبردنی ژیانی رۆژانەدا بەکاردێت.

لەم پێناسەیەدا ، ئەوەی گرینکەو دەبی سەرنجیان بدەین ئەم وشەو دەستەواژانەن:

1.وشـــەی کـــۆ مەبەســـت لە برێـــک و جۆرێـــک و ئاســـتێک نـــیە لەمەعریفە،بەلکـــۆ هەمـــوو مەعریفەکان پێکەوە کە تاک و ئێستا بەدەست هاتوون.

2.دەســـتەواژەی لەهەمـــوو مـــاوەی کۆمەلگـــادا واتە بەشـــی هەرە زۆری ئەو مەعـــریفەی کە ئێســـتاکەمان لە رابـــرووەوە پێمـــان گەشـــتووە نـــازانین کەی وە دەســـت هـــاتووە دەبـــێ بگەرێنەوە بۆ سەرەتاکانی کۆمەلگا .

3.شـــارەزای و پســـپۆری داهێنـــانی لەخـــۆوە ســـەرهەلنادەت ،بگـــرە هەمیشـــە لەرەوتـــی ئەنجام دانی چالاکیەکانی ژیانی رۆژانە دێتە بەرهەم.

4.مەعـــریفە لەژیـــانی رۆژانەدا بەکاردێـــت ، چـــونکە ژیـــان بـــێ مەعـــریفە نـــابێ، لەوە دەردەکەوێ کە مەعـــریفە دەرهاوێشـــەی ژیـــانی و چـــالاکی و کـــۆمەلایەتی و کۆمەلبـــوونە مرۆییەکـــانە بـــۆ بەش هەرگیـــز نـــاکرێ لەدەرەوەی کۆمەلگـــای مرۆڤـــایەتی بـــاس لە مەعـــریفە بکەیـــن هەمـــوو کۆمەلبـــوونێکی خەلـــک مەعـــریفە بەرهەم دێنـــێ مەعـــریفە لەگەل هەمـــوو کەلەکەبونێـــک دایـــیە کۆمەلگـــاش کە بـــریتیە لە کەلەکەبـــوونی خەلـــک کەواتە ئەمەش بـــێ مەعـــریفە نـــابێ بـــۆییە کۆمەلگـــا مەعـــریفە هەمیشـــە پـــێکەوە دێـــن کەواتە مەعـــریفە دیـــاردەیەکی کـــۆمەلایەتیە بـــۆ دلنیـــابونیش لەمە هەمـــوو خەســـلەت و تایبەتمەنـــدیەکی

کۆمەڵگـــا لەخـــۆ دەگـــرێ ئەوانەی کە (ئیمیـــل دۆرکاهیم)دیـــاریکردون وەک (بـــابەتی بـــوون ، گشتگیری، ناچاری، مێژووی، بەردەوامی )(میران،بێ ساڵ،ل 8-9-10)

ئەو شـتەی کە پێـی دەڵـێن مەعـریفە لەچـرکە سـاتی نەزانینێکـی رەهـا دەسـت پێـدەکات ئـێمە وەک منـدال هێشـتا هـیچ لەبـارەی ژیـانەوە نـازانین لەبـارەی ئەو بـوونە کـۆمەڵایەتیەی و سیاســەی و کلتــوری واقعــی ئــێمە چ دەگوزەرێــت بــێ ئاگــاین کە کلتورێــک بەهەمــوو ئیشــکالیەتەکانی خــۆیەوە بە هەمــوو میتــۆدو رێژەییەکــانی خــۆییەوە خــۆی ئامــادەکردووە تـا ئـاقلی ئـێمە شـکیلە بکـات کلتورێـک دەگواسـێتەوە لە عـاقلی بەتـالی بـۆ عـاقلێکی تـر کە ئەزموونی شتەکانی کردووە.(علی،بێ ساڵ،ل95)

زانــین بەشــێوەیەکی گشــتی بــریتیە لەبریــاردان و دیــاریکردنی هەلوێســت چەمــک و زاراو بریارەکــان ، ئــامرازی ئەم زانیــنە مــرۆڤە ئەگەر پەی بە بابەتێــک بەرێــت و بیزانێــت ، ئەوا ئەو پەیوەنـــدیە دەردەخـــات کەلە نـــاو ئەو شـــتەدا هەیـــیە ئەمەش جـــۆرە بریـــاردانێکە بەنــاکردن، یــان نــاکردن دەبێــت. لەلایەکــی تــرەوە ئەم بریــاردانە دوو جــۆرە، جۆرێکیــان بــریتیە لە پێناســەکردنی شــت ئەوەی تریــان بەهــۆی چەنــد رســتەیەکەوە هەول و زانــین دەگەیێن سود بە شارەزای مرۆڤ دەبەخشێ.(عەزیز،2011،ل 127)

## بەشی دووەم:زانین لەفەلسەفەی یۆنان

## تەوەرەی یەکەم:لەدیدی پێش سوکراتیەکان

### فیساگۆراس

فیســـــاگۆراس لە دەوورووبەری ســــالانی (570_580)لە دوورگەی (ســــاموس)لە نزیــــک (مالتیە)لەدایـک بـووە، منـدالی و گەنجیەتـی خـۆی لەم شـوێنە بەسـەر بـردۆتە سـەر، دواتـر بـۆ (کروتونـــا)ی باشـــوری ئیتالیـــا کـــۆچی کـــردووە. لەدوای گەشـــتێکی زۆر کە تەمەنـــی گەشـتۆتە شەسـت و پێـنج سـال لە کریـت کە ئەو کـات ولاتـی یۆنـانی مەزن بـوو ئێسـتاش خـواروی ئیتالیـای پـێ دەلـێن لـێ جێگیربـووە قوتابخـانە بەناوبـانگەکەی تێـدا کـردۆتەوە خەلکـــی رووی تێـــدەکرد، ئەو قوتابخـــانەیە کەزیـــاتر بەکـــۆمەلەی فیساگۆرســـا(الجمحیة الفیثاغویـــة)بەناوبانگ بـــوو، تیایـــدا چاکســـازی ئـــاینی و کـــۆمەلایەتی و فێربـــوونی تقـــوس و رێورســـــمە جوراوجۆرەکـــانی تێـــدا دەکرا.لێـــرەوە فیســـــاگۆراس تـــوانی تاکانێـــک بەرەو پێشەوە چوونی فەلسەفە بدات و قوتابخانەی تێپەرێنی.

راهێنـــانی فیســـاگۆراس لە وەدا خـــۆی بینـــیەوە کـــاتی ووتـــی ژمـــارە گەوهەری بـــوون راســـتەکانییتی واتـــا ژمـــارە سرووشـــتی هەمـــوو شـــتێک پێکدەهێنی.(ســـدیق،2015،ل 30-31)

گرینگـــی ژمـــارە لای فیساگۆرســـیەکان،گرینگیەکی فەلســـەفی بـــوو، واتـــا ئەوان ژمارەیـــان وەک بـــابەتێکی فەلســـەفی دەروانـــی نەک وەک ژمـــارەی ئاســـایی ،هەر بـــۆیە لای ئەوان سـێ ژمـارەی یەک و چـوار وەک سـێ ژمـارەی سـەرەکی راچـاو دەکـرا، یەک لای ئەوان بەدیهێـنەری هەمـوو شـتێک بـوو کە لە سـەر سـەرەوەی هەمـوو ژمارەکـان دایـیە هـیچ بەبـی یەک مانـای نـیە، ئەگەر تەنـانەت تـا دەش ببژێـرین جـگە لەم ژمـارەییە ژمـارەی دەش ئەم رێـزەی هەیـیە، ژمـارەی دە سرووشـتی ژمارەکـانە. ژمـارە دە ژمـارەی تەواو کاملە.(غولامی،2015،ل 221)

فەلســـەفەی فیســـاگۆرس بـــایەخی زۆری بە ماتماتیـــک و ژمـــارە دەدات؟بەســـەرچاوەی هەمـــوو بوونیـــان دادەنێـــت، هەمـــوو شـــتێک لەم بـــوونەدا پێکهـــاتەکەی لە ســـەرچاوەی زانسـتی ماتمـاتیکە لای فیسـاگۆراس بـریتە لەزانسـتی حـدس و یەقینـی ئاقـل، لەرێگـای ئەم زانسـتە ئـاقلیەوە مـرۆڤ دەتوانێـت هەمـوو راسـتیەکان ببینێت،فیسـاگۆراس هـاورایە لەگەل ئێنکســـیمانس لەســـەر برواهێنـــانی (نادیـــارکراوە)بەبوونی هەمـــوو بوونەکـــانی دادەنێـــت شـــتەکان لەبوونـــدا ژمـــارەن یـــان لاســـایکردنەوەی ژمارەکانن.ژمـــارە شـــتەکان لەیەکتـــری

جوداناکــاتەوە بەلکــو یەکیــان پێــدەگرێتەوە، هەمــوو گەردوونــیش لەســەر ژمــارە راگیــراوە بەئاوازێکی موزیکی هاوسەنگ بووە.(ئەحمەد،2009،ل 47-48)

**بەشی دووەم:**

**تەوەری دووەم : زانین لای پارمەندیس**

پارمەنــــدیس وەک هەمــــوو فەیلەســـوفەکانی پـــێش خـــۆی باســـی لەبـــوون گـــۆران کردووە.رێبـــازە فەلســـەفیەکەی لەرێگـــای دوو هەلبەســـتەوە دەربریـــوە بەنـــاو (دەربـــارەی راستی )و( دەربارەی پێوابوون)

شـــێوازێکی تـــایبەتی بـــۆ درووســـتکرنی پرســـیارو وەلام دانـــاوە و بەکاریهێنـــاوە، واتـــا پرســـیار کـــردن لە خـــودی خـــۆی و هەولـــدانی هەڵێنجـــانی وەلامەکەی لەنـــاخی ژێـــری خۆیەوە.

پارمەنـــدیس ئامـــاژە بەوە دەکـــات کە پەیوەنـــدی بەخواکـــان کـــردووە پرســـیاری دەربـــارەی بـــوون و گەردوون لێکـــردوون. ئەوانـــیش بـــۆ دۆزینـــەوەی راســـتیەکان رێـــگە چـــارەی ئاقلیـــان بـــۆ دیـــاریکردوون. لەســـــەر زاری خواکـــان دەگێرێتەوە(بەئاقـــل ســـەیرکە، ســـەیرکردنێکی رێـــک بـــۆ شـــتەکان. گەر واهـــاتە بەرچـــاوت دوورن ئەوا وەک نزیـــک وایە. نـــاکری بوونەکـــان کەهەن لەیەکتـــــردا ببـــــرێن. لەیەکتـــــر جـــــودا نـــــابنەوە یەکتـــــریش نـــــاکرنەوە هەمووشـــــت لەســـــەرەتا یەکە. لەبەر ئەوەی دەگەرێـــتەوە بۆهەمـــان شـــوێن) پارمەنـــدیس دوو رێگـــا بـــۆ گەشـــتن بەزانســـت و یەقـــین دەســـت نیشـــان دەکات.یەکێکیـــان رێگـــای( پێوابـــون) ئەوەیتـــریش رێگـــای ئاقـــل و لـــۆژیکە. ئامۆژگـــاری خواکـــان بـــۆ گـــرتنەبەری رێگـــای دووەمە وازهێنـــان لەرێگـــــا چـــــــارەی یەکەم. لەبەر ئەوەی دووەم واتـــــا ئاقـــــل پابەنـــــــدە بە ئاخـــــــافتن و بیرکردنەوە.(ئەحمەد،2009،ل 55)

هەروەهـــا دەلـــێ بەراســـتی بەچـــاوی ژێـــر ســـەیری شـــتەکان ئەگەر دووریـــش بـــن نزیـــک دەرئەکەون.نـــاتوانی ئەوەی هەیە لەوە دابـــری کەهەیە......شـــــتەکان لەیەکتـــری جیانـــابنەوە کۆنـــابنەوە .هەمـــوو شـــتێک یەکە لەهەر شـــوێنک دەســـت پێبکەم چـــونکە مـــن ئەگەرێـــمەوە بـــۆ هەمـــــان شـــــوێنن. وەک لەو تێکســـــتەوە تێکســـــتەکانی تـــــردا دەرئەکەی. پارمەنــــدیس لەو باورەدایە کە بۆ شت زانین دوو رێگا هەیە.

.1هەست

.2ژێر

یەکەمیان جێگای گومانەو شایەنی ئەوەنیە کە پێبوتری زانین . چونکە بریتیە لە راو بۆچوونی سادەی رۆژانەو ئەندێشە..... بەلام تەنها رێگای ژیری سەرچاوەی خۆی زانینی راستەقینەیە. چونکە هەستەکان بەشێوەیکی گۆراو بوونمان پیشان دەدەن... بەلام راستیەکەی وانیە و ئاقل رێ پێدەبات کەبوون یەک شتەو ناگۆرێ هەر هەبووە هەرئەمێنی هیچ شتێک لەدەرەوەی بووندا نیە لە مەیدانی زانستدا. پارمەندیس هەولیداوە ئەو رێگایە بدۆزێتەوە کە ئەیکەیێنێتە ئەو راستەی رووتەی کە لە پشت دیاردەکانی شتەوەیە.... ئەم رێگایەشی لە لۆجیکی رووتدا پەیدا کردووە و هەستەکان و تاقیکردنەوەی خستۆتە لاوە چونکە لەو باورەدابوو ئادەمیزاد بەبێ ئەوەی هەستەکان بەکاربهێنت .تەنها بەرێگای لۆژیک ئەگاتە راستی رووت..... بەلام وەنەبی لەم بوارەدا بەلگە (ءلیل)ی هێناوەتەوە بەلکو پشتی بەچەند بیانو (حجە)یک بەستووە، بوون هەموو گۆشەیەکی جێگای پرکردووە.....نەبونیش بۆشای رووتە...... ئەو نەبوونەش هەرنابێ.(عزیز،2005،ل 90-91)

**بەشی دووەم:**

**تەوەری سێیەم: زانین لەدیدی ئەفلاتۆن** (347-426)

ئەفلاتۆن خۆی ئاشقێکی گەورەی هەبوو بۆ هەموو بوارەکانی فەلسەفە ئەم عشقەی بۆ زانین دەربارەی جیهانی فیزیکی کەم تر نەبووە لەوەی ئایا چۆن بژین؟هەموو لایەنێکی واقع بۆتە مایەی سەرنج راکێشانێ ، ناکرێ بەتەنها بلکێنری بە ماتماتیک و فیزیکەوە. (ماگی،2012،ل 53)

کەبەلای ئەمەوە کلیلی زانیارین دەربارەی جیهانی دەورووبەرمان بەجۆرێک لەسەر دەرگای ئەکادیمیەکەی ئەو رستەیەی هەلواسیوە "ئەوانەی لە ماتماتیک شارەزانین با نەیەنە ژوورەوە" ئەفلاتۆن پێوایە، جیاوازییەک هەیە سەبارەت بەزانین وباورکردن . لەبەر ئەوەی ئەفلاتۆن باوەری بەراستی بابەتی هەبوو . ئەوا کاتێک ئێمە باورمان وایە کە (ب) راستە، ئەوا ئەو باوربوونە سەبارەت بەم هەلوێستە گرەنتی ئەوە نادات کەوا ئێمە لەسەر هەلوێستەکەمان راستین و حەقیقەتی بابەتەکەمان دۆزیوەتەوە، چونکە ئەو بریار دانەمان لەسەر بنەمای باور دامەزراو، نەوەک و تێرمان و بیرکردنەوەی قول.(ستراتن،2008،ل 26)

ئەفلاتۆن گەلێک گرینگی بە بیرکاری دەدات ، چونکە دۆخە بیرکارییەکان هەرگیز ناگۆرێن ، جائەوانە دۆخە گەلێکن کە دەتوانین زانینی راستەقینەمان لە بارەییەوە

هەبێــت ،لێــرەدا پێویســـتمان بە نمــونەیەکە. وێنــابکە کە گــۆزەیەکی خــر لە دارســـتانەکەدا دەدۆزیــتەوە . لەوانــیە تــۆبلێ پــێم وایە بەتەواو خــرە لەکاتێکــدا یەکێــک پێــداگری دەکــات لەســـەر ئەوەی لەتەنیشــەوە تۆزێــک تەخــتە، لەم بــارەییەوە دەســت بە مشــتومر دەکەیــن ! بەلام نــاتوانین زانینــی راســـتەقینەمان  لەســـەر هەبێــت نــاکەین بەزانینــی راســـتە قینــە کە چــاو دەیبینیــت. لەلایەکــی تــرەوە دەتــوانین بەو پەری دلنیــایەوە بلێــین کە گــۆی گشــتی گۆشـــەکان 180پــلەیە. ئــێمە لەمەر بــازنەیەکی وێنــاییەوە دەدوێــین لە جیهــانی فیزیکیــدا . بەکـــورتی ئەو شـــتانەی بە هەســـتەکانمان پێیـــان دەکەیـــن ،تێگەشـــتنێکی ناروونمـــان لەبــارەییەوە دەبێــت . بەلام ئەو شـــتانەی کە بەئاقــل پێیــان دەکەیــن دەتــوانین زانینـــی راســتەقینەمان لەبــارەیەوە هەبێــت . کــۆی گشــتی گۆشــەکان بــۆ هەتــا   هەتــایە 180پــلەیە لەکاتێکدا زانینی هەستی لەگۆران داییە.(گۆردەر،2019،ل130)

بەبــروای ئەفلاتــۆن مــاددە و بونەوەرکــانی ئەم جیهــانە ، تەنهــا وەک ســێبەرێک وان بــۆ جیهــان نمـــوونەکەی لە جیهـــانی تـــرە کە لێـــیەوە وەرگیـــراوە ، فۆرمەکـــان لای ئەفلاتـــۆن تەواو نەگــۆرەو نمــوونەیە، کــوا لەســەرەوەی کــات و بۆشــایی دایــیە بــوونێکی هەتــا هەتــای و ســـەربەخۆیان هەیـــیە ، ســـەبارەت بەهەلوێســـتەکەی ئەفلاتـــۆن . بۆمـــان دەردەکەویـــت کەوا ئەفلاتــۆن رەخــنە لەجیهــانی  ســادە دەگرێــت . کە بــاوەری وایــیە هەر شــتێک کە مـــرۆڤ بینـــی ، ئەوا راســـتەو بـــونێکی ســـەربەخۆی هەیـــیە، بەلام ئەفلاتـــۆن دژی ئەم هەلوێســـتە ئیپســـتمۆلۆژیا دەوەســـتێت و . دەیەوێــت بیســـەلمێنت کــوا ئەو جیهــانەی کە تێــدا دەژین، تەنها کۆپیەکی ناتەواوی جیهانەکەی ترە ، (کەمال،2010،ل 431)

نمــوونەی ئەشــکەوتەکەی ئەفلاتــۆن بــاس دەکەیــن وەک بەلــگەیەک بــۆ ســەلماندنی زانینــی راســـتەقینە کە لەرێگـــای ژیـــرو ئاقـــل دێـــتە دی دەلـــێ مرۆڤەکـــان زیـــاتر وەک بلـــێ لەئەشــکەوتێک ژێــر زەمینێکــی تاریکــدا دەژیــن ئەو دەلــێ ئــێمە لەنێــو ئەو ئەشــکەوتەدا بەزنجیـــر بەســـتراوینەوە. رووخســـارمان روو لە دیـــوارێکی رووت و بەتـــالە. لەپشـــت ســـەرمانەوە ئاگرێــک کــراوەتەوە،  هەمــوو ئەوەی کە ئــێمە دەیبیــنن ســێبەری جــوولە دارێــکە کە لەســەر دیــواری ئەشــکەوتەکەدا بەدیــار دەکەوێــت، ئــێمە ئەو ســێبەرانە بەشــتی واقعـــی یاراســـتەقینە لێکـــدەدەینەوە، ئەگەر لەنێــو ئەشــکەوتەکەدا رابکەیــن، دەتــوانین کە رۆشـــنایی راســـتەقینە یـــان حەقـــیقەت ببیـــنن، بەزمـــانێکی فەلســـەفی، ئەفلاتـــۆن لەو بـــاوەرەدابوو هەرچـــیەک ئـــێمە لەئەزمـــوونی ژیـــانی رۆژانەو دەوروبەری خۆمـــان دا ،لێتێدەگەین راستی نین و وەهمێکن.

کەواتــا لەم، باســکردنەی ئەفلاتۆنــدا بۆمــان دەردەکەوێــت،کەوا مــرۆڤ بــۆ ئەوەی بگــات بە جیهــانی بــالاو حەقــیقەت، دەبێــت لەو کــۆت و بەنــدە مەعریفــانە دەربــازی بێــت کە بــووتە رێگر لەهەول بەدەست هێنانی زانین . (حسێن،بێ ساڵ،ل13)

ئەفلاتــۆن تێگەشــتنی جیــاوازی بــۆ راســتی و زانــین هەیــیە. بەدیــدی ئەو راســتی نێــو ئەشــکەوتە کە ناراســت و زانینــی نەزانیــنە، ئەم بۆچــوونەش پەیوەنــدییەکی راســتەوخۆی بە میتــافیزیکی ئەفلاتــۆنەوە هەیــیە کەلە میتــافۆری ئەشــکەوتدا بەرجەســتە بــووە . ئایــا ئەشــکەوتەکە لە کــوێییە؟ کەســانی نێــو ئەشــکەوتەکە کــێن؟ ئەشــکەوت ئامــاژەکردنە بــۆ شــوێن بە واتــای بــاورەکە نیــیە. لەبەر ئەوەی لە هــیچ شــوێنکدا ئەشــکەوتەکە لەهــیچ شــوێنکی ئەشــکەوتەکەدا نــادۆزێتەوە. لەهەمــان کاتیشــدا دەتــوانین هەمــوو شــوێنک و ئەم جیهــانەی تیایــدا دەژیــن بەو ئەشــکەوتە داینــێن، کەســانی نێــو ئەشــکەوتەکەش کە لەوێ لەداک بــوون و دەســت و پایــان بەســتراوەتەوەو ناچــارکراون لەوێ بــژین ئــێمەین. ئــێمە لەنێــو ئەو ئەشــکەوتەدا بەبــێ ناســینی راســتی و زانــین دەژیــن . واتــای ئەشــکەوت لەم رووە، بــارودۆخێکی هەبــووی بەســەردا بەســپێنراو دەگــرێتەوە. کە تــاکە کەســەکان ناچــار دەبــن شــوێنی بــکەون و نەتــوانن بەرپێچــی بــکەن چــونکە (مــل و پایــان بە زنجیــر بەستراوەتەوە نــاتوانن بجــولێن ئــێمە لە منــدالیەوە یــان لەو رۆژەوەی پەیــدا دەبــین کــۆمەل بــاورو بەهــاو نەریتــی خــۆی بەســەر ئــێمەدا دەســەپێنێت. ئــێمە ناچــار دەکــات بەراســتیان دابنێــین و بــێجگە لە ئەوان چــی دیــکە بەراســت نەزانــین. ئەو شــتانە دەزانــین و دەناســین ، کە ئەوان دەیانناســـن و دەیــزانن یــان ئەفلاتــۆن گــۆتەنی ، وەکــو ســێبەر لەســەر دیــواری ئەشــکەوتەکە دەردەکەون، لەم روونکــردنەوەییە دەتــوانین بپرســین، ئایــا ســێبەری ســەر دیــواری ئەشــکەوتەکە راســتیە؟ ئایــا دەبێــتە ســەرچاوەی زانــین؟ وەلام ئەم دوو پرســیارە لای ئەفلاتــۆن نەرێــیە. ســێبەر راســتی نــیەو نابێــت بەســەرچاوەی زانــین. کەســێک نــاتوانی لەرێگــای ســێبەری درەختــێکەوە راســتی بــوونی درەختەکەمــان بــۆ باســبکات و زانینــی ســەبارەت بە جــۆری درەخــتەکە هەبێــت ئەگەر ئەو کەســە درخــتەکەی نەدیتبێــت ئەوان تەنهــا ســێبەریان دیــووە وادەزانــن دونیــا هەمــوو ئــاواییە باوریــان بەشــتێک هێنــاوە کە وەهمــێکە لە مێشــکیان بەلام ئەگەر یەکێــک لە ئەشــکەوتەکە رزگاربێــت ئەوە دەزانــین ئەوەی ئەو دیویەتی تەنها سێبەری شتەکانە و وەهمێک بووە.(کەمال،ل151-152)

## بەشی سێیەم:

## تەوەری یەکەم:بنەماکانی مەعریفەی مرۆی

### بنەمای هەستی و ئەزموونی

بنەمـــای هەســـتی و ئەزمـــوونی:ئەوانەی کە دەڵـــێن تـــاکە ســـەرچاوەییەک کە دەتـــوانین مەعـــریفەی لێـــوە بە دەســـت بێنـــین، ئەو جیهـــانەی دەرەوەیە کەلە دەوروبەرمـــانە . وە ئـــامرازیش بـــۆ بەدەســـت هێنـــانی ئەو مەعـــریفەییە، هەســـتەکانە.ناو لە لایەنگرانـــی ئەم بۆچـــوونە نـــراوە:-شـــوێنکەوتوانی رێـــرەوی هەســـتی ، یـــان مەزهەبـــی ئەزمـــوونی و ( ئەزمـــوونگەرایی) ئەوان وای دەبـــین ، ئـــێمە زانینمـــان دەربـــارەی ( پرتەقالێـــک) دەبێـــت، لەبەر ئەوەی رەنگەکەیمـان بەچـاو بینیـوە، بە زمـان تامیمـان کـردووە، بە لـووت بـۆ نیمـان هەلمژیـــوە، و بە پەنجەکانمـــان دەســـتمان لە چێـــوەکەی داوە، ئەگەر ئـــێمە یەک بەدوای یەکـی دەرگاکـانی هەسـتەکانمان داخسـت ئەوا یەک لەدوای یەک مەعریفەمـان لـێ زەوت دەبێـت، ئەم ئاراسـتیە زۆرێـک لە فەیلەسـوفان پشـتگیری لێـدەکەن وبـانگەوازی لێـدەکەن وەک ئەتۆمیەکان و ئەبیقۆرییەکان ،(عبدالجبار،2006.ل 74-75)

ئەم رێبـــاز پشـــت بە تـــاقیکردنەوە دەبەســـتێت تـــاقیکردنەوەی هەســـتەکی بە بنچیـــنەی زانیارییەکـان دادەنێـت و ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات کەچـۆن تـاقیکردنەوە دەمـانگەیەنێتە زانیـاری و چـۆن بەرنـامە پەیـرەو دەکەیـن سـەربار بە خەملانـدنی سـەختیەکان سـەر رێگامـان و چـۆنیەتی چارەسـەرکردنی گیـرو گرفتەکـان. ئەم رێبـازە ئەوە دەسـەلمێنێت کە هەمـوو زانیارییەکانمـان لە تـاقیکردنەوە دەرئەنجـام دەبێـت . ئەمەش ئەوە دەگەیێنێـت کە تـاقیکردنەوە سـەرچاوەی زانیـنە هەر بیـرو باوەرێـک بە تـاقیکردنەوە تێنەپەریبێـت ئەوا دەبێـت بگەرێـتەوە بـۆ تـاقیکردنەوە، باوریـان بە هـیچ زانیـارییەکی خۆرسـک و شـاکاری بەر لە تاقیکردنەوە ناکەن.(الألوسی،2007،ل 134)

بەلام ئەوەی دەبێـــت لێـــرەدا وەک و مەعریفەیەکـــی ســـادە و ســـانا بیـــزانین ئیـــدراک لە ســـایەی هەســـتەکانەوە دێـــتە بـــوون ، واتە ئەگەر لە ســـایەی هەســـت کـــردنەوە نەبێـــت مـرۆڤ هەسـت بە هـیچ شـتێک و هـیچ مەعـریفەیەک ناکـات، بەلام خـودی هەسـت چیـیە؟ هەســـت کـــردن یەکەم ئەنجـــامی کـــاریگەری جیهـــانی دەرەکیـــیە لەســـەر هەســـت کردنـــی مـرۆڤ، لەبەر ئەوەی فـاکتەرە جیاوازەکـانی ژیـنگە لە لەریـنەوە کە هـۆرۆ موکناتیزیەکـان بەشـــە جەوهەریە کیمیاییەکـــان و کـــاریگەرییە زۆرو جیاجیاکـــانی جیهـــانی دەرەوە بەشـــی دەرەوەی هەســـت وشـــیار دەکـــاتەوە لە شـــێوەی تـــرپەو لێـــدانی جیـــاوازو لەدوای یەکـــدا وێنەکـان لەسـایەی دەمـارە گەیەنەرەکـانەوە ، بەرەو بەشـی ناوەنـدی دەچێـت کە مێشـکە،

لەنێــوان مێشــکدا هەســت دێــتە بــوون ، بــۆیە هەســت کــردن لە ئاســت واقیعــی مــادییەوە لاوەکیــیە، چــونکە هەســت ئەنجــامی بــوونی واقیعــیەکەو بــوونی شــتەکان لەنێــوان ئەم واقــیعە مــادییە بەرچــاوو دیــارو هەســت نــاگەتە هەســتەکان بەپێــی شــێوازی جــۆری و شــیارکەرەوەی دەرەکــی بەســەر چەنــد کۆمەڵێــک دابەش دەبــن وەک و: بینــین، بیســتن، بــۆنکردن، دەست لێــدان، تــامکردن:هەر کــۆمەڵە هەســتێکیش بۆخۆیــان حــاڵەتێکی جۆری،یــا کــۆمەڵە ســیفات و خاســییەتێکی جیــاوازی دیــاریکراوی خۆیــان هەیە لە خاســیەت و سیفاتی هەستەکانی جیای دەکاتەوە.(رەسول،2012،ل151)

هەســتەکان پــێش عاقــل دەکەوێــت لە تــاقیکردنەوە شــتەکان دەبێــت بە هەســت تێپەرێــت هەتــا وکــو هەســتەکان خســلەتەکانی جیهــانی دەرەوە بە هــۆش ناگەیێنێــت هــۆش یــان عاقــل ناتوانێــت لێکــدانەوەی بــۆ بگــات دەبێــت هەســتەکان  شــتەکان یــان زانیارییەکــان بە عاقــل نەگەیێنێــت ئەوا ئاقــل هــیچ داتــایەکی نابێــت. نمــونە مرۆڤــی کــوێر رەنگەکــان ناناسێت.بیرەکانیشــمان دوو جــۆرن، هەنــدێکیان ســاکاران وەکــو بیــری رەنگــی ســوریان رەنگــی ســپی ،تــامی شــیرین    .هەنــدێک لەبیرەکانمــان لێکــدراوەن لە ئەنجــامی کۆمەڵێــک بیــری ســاکار پێکهــاتوون، نمــوونە بیــری پرتەقــاڵ لە ئەنجــامی لێکــدانی رەنــگ و تــام و قەوارەو بۆنی پرتەقاڵە کە پێک هاتووە.(کەمال،2002،ل 140)

## بەشی سێیەم:

### تەوەری دووەم:بنەمای ژیری لۆژیکی

ئەوانەی بروایــان وایە کە عاقــل ســەرچاوەی ســەرەکی و کەرســتەی دلنیــاییە بــۆزانین و مەعــریفە بروادارنــی ئەم بۆچــوونە وای دادەنــێن ، کەعاقــل لە مرۆڤــدا هزرێکــی خۆرســکە ،وە بنچیـــــنەی هەمـــــوو زانســـــتێکی راســـــتەقینەیە بەرای،ئەوان مـــــرۆڤ لەدەرەوە بەزانســتێکی یەقینــی ناگــات ،جــگە لە زانیــارییە بەشــەکیە پەرش و بلاوەکــان، هەتــائەگەر ئەو زانیاریــانە پێکبهێنــرێین و لێکبــدرێن و هەنــدێکیان بە هەنــدێکی تــرەوە ببەســترێنەوە، ئەوا هەرنـــاگەن بەپـــلەی زانســـتێکی یەقینـــی بە بروادارانـــی ئەم رێـــڕەوە دەلـــێن پەیێڕەوکەرانی(مەزهەبـــی عـــاقلی /راشـــنالیزم)ئەمانە پێیـــان وایە کە لە ئاقلـــدا بنەمـــا خۆڕســـــکەکان هەیە کە ئەم بنەمـــــایەش لەئەزمـــــوون و تـــــاقیکردنەوەی هەســـــتی وەرنەگیــراون . لەو بنەمایــانە وەکــو (بنەمــای خــودی )و (بنەمــای نەبــونی نــاکۆکی)و ئەو لیبـــاتە بیرکاریەکـــان وەک و بلـــێن: دوو یەکســـانە بەســـێیەم، یەکســـانن،بنچینە لوژیکیەکــان.وەک بلــێن گشــت گەورەتــرە لەهەر یەک لە بەشــەکان . پەیرەوانــی رێبــازی عــاقلی وایــدادەنێن ئەو مەعــریفەی کە ســەرچاوەکەی عــاقلە، بەناچــارەکی و گشــتاندن جیــادەکرێتەوە. مەبەســت لە ناچــارەکی ئەوەیە: کە مەعــریفەی عــاقلی راســتەو راســتگۆیە، وە حــوکم بریارەکــانی هەمیشــە راســتن و هەمیشــە راســتیەتی تێــدا ناچــارەکی هەبــونی (حەتمــی)یە. واتــا ناتوانێــت جارێــک راســت بێــت و جــارێکی تــر هەلە. وەک ئەوەی بلــێن :ئەگەر( أ) گەورەتربێت لە(ب)

وە (ب )گەورتر بێت لە( ج)

کەواتە (أ) گەورەتر لە (ج)

ئەم حــوکمە هەمیشــە راســتەو راستیەکەشــی پیویســتی بەبونێــک عەقلــیە نەک بــونێکی هەستی.(عبدالجبار،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل 77-78)

رێبــازی ژیــری وای بــۆ دەچــن کە هــۆش هەر خــۆی بەبــی تــاقیکردنەوە لە راســتی جیهــان تێــدەگات و توانـــاداری عەقلـــێ مـــرۆڤ بەر لەتـــاقیکردنەوە هەلدەســـتی بە رێکخســـتنی راســتی و زانیارییەکــان تادەکــاتە راســتی ئەم رێبــازە لەم باورەداییــە کە هەنــدێک بیــرو بـــاور لەهۆشـــدا هەر لەخۆیـــانەوە بەر لەتـــاقیکردنەوە. هەن و لەو ســـەربەخۆن . رێبـــازی ژیــری وای دەبیــنن کە ئاقــل خــۆی خۆرســکە بــۆ هەمــوو زانیاریەکان(الألوســی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل 133)

لەفەلســـەفەدا، ژێــر بــاوەری، یــان ژێــر پەســـەندی، بەو نەریــتەی مەعــریفەی تیــۆری دەگــۆترێ، کە بەپــێچەوانەی ئەزمونگەرەکــانەوەییە، بــروای وایە:پەســـەندترین ســـەرچاوە و هەلســـەنگێنەری زانــین و مەعــریفە، ژێــر و عەقــلە. هەروەهــا بەپێــی ئەو ئاراســتەییە ، شــیاوە تەنهــا بەهــۆی بەکارهێنــانی ئەقــلەوە،دادوەری لەبــارەی واقــیعەوە بکــری ، ئەمەش لەبەر ئەو بــروا متمــانە پــتەوەی پەیرەوکــارانی ئەم رەوتە فەلســـەفەیە بەژێــر و عاقــل ، کە لە توانایـــداییە بۆناســـین و درککردنـــی واقـــع ،هەیـــانە. لەلایەکـــی تـــرەوە ژێربـــاوەری : بــریتیەلەو جــۆرە تێگەشــتنەی کە داوا دەکــات لە رێچــکە ئاینیەکــان بەشــێوەیەکی ژێــرانەو عاقلیـــانە بســـەلمێنرێت لێرەشـــەوە بەرپەچـــی هەر باوەرێـــک دەداتەوە کە لەدەرەوەی توانـــای تێگەشـــتنی مـــرۆڤ دابێـــت" خاســـلەتی هەرەســـەرەکی ژێرباورەکـــان ئەوەیـــیە" لە بەدەســـتهێنانی زانســـت و مەعــریفەدا رۆلـــێ ســـەرەکی دەدەنە عاقـــل و ژێــر دەکەنە پێــوەر بۆگەشــتن بە راســتی نەک هەســـتەکان و ئەزمــونکردن، ریشـــەی مێژوویـــی ژێــر بــاوەری دەگەرێـتەوە بـۆ فەلســـەفەی کلاســیکی یۆنــان، ئەفلاتــۆن لە کتێبــی کۆمــاردا. کــاتێ پێکهــاتەی روحـــێ مـــرۆڤ بەســـەر ســـێ بەشـــدا دابەش دەکـــات . ژێـــر دەکـــات بە پێـــوەری کـــۆنترۆلکردنی رەهەنـــدی مەیـــل و رەهەنـــدی تـــورەیی. بەلای ئەفلاتـــۆنەوە" ئاقـــل وەک ئامرازێــک وایە کە بەهــۆییەوە مــرۆڤ بە مەعــریفەی راســتەقینە، واتــا بە وێــنە نەگۆرەکــان یان بە چیەتی شتەکان دەکات.(سیوەیل،2009،ل 37)

بەگشـــتی عـــاقلانیەت بەوە ناســـراوە، کە بـــریتیە لە کۆمەلێــک بیروبۆچونێــک، ئەو ئەنجــامە دەخـــاتە روو کە گەردوون وەک عاقـــل کاردەکـــات، کاتێـــک بەشـــێوەیەکی لـــۆژیکی و بابەتیــانە بیردەکــاتەوە. بــۆیە مــرۆڤ لە کۆتــایی پرســـەکاندا. دەتوانێــت لەهەمــوو ئەو شــتانە تێبگــات کە شــارەزایی تیــادا پەیــداکردووە وەک چــۆن لە کێشـــەیەکی ســـادەو ســـاکاری ماتمـــاتیکی یـــان میکـــانیکی تێـــدەگات خـــاوەن عـــاقلە بەتواناکـــان ، ئەوانەی رێگاکـــانی درووســـتکردن و بەکارهێنـــان و ئیشـــپێکردن و چـــاککردنی ئامێرەکـــانی نـــاو مالیـــان دۆزیـــوەتەوە. لە کۆتـــایی کارەکەشـــدا، ئەو رێگـــایەنە بـــۆ مـــرۆڤ ئاشـــکرا دەبێـــت و وەک چـــۆن بیرمەنـــدی عـــاقلانی دەخوازێـــت لەهەمـــوو ئەو بـــوونەوەرانەی تـــریش هەیە تێبگـــات بەم مانــایە عەقلانــیەت، لەو رووەی بەهــایەکی مرۆیــی تــاکە بەپــلەی نایــاب ، بەئەنگێــزەیەک یان وێناکردنێک بە عاقلەوە گرێدراوە.(ئاشقرا،2012،ل36)

## بەشی چوارەم: زانینی راستەقینە لەدیدی ئەرستۆ

ئەرستۆ دەلێت لە هەر بوارێکدا " دابێت فەیلەسوف ، یەکەم ئاماژەکانی تۆمار بکات، پاش پشوودان لە ئەمدیو ئەودیوکردنی ئەو نەهێنیانەی کە "ئاماژەکان"پێکیان هێناوە، دووبارە بگەرێتەوە سەر "ئاماژەکان" وەئەم جارە ئەو ئاماژانە بپارێزن کە بنچینەی ئەو شتەییە کە لێی دەکۆلینەوە نموونەیەک دەهێنمەوە بۆ ئەوەی ئەم نموونەیە روونبێتەوە با وای دابنێین تۆ فەیلەسوفێکی لەسەر مەسەلەی کات ئیش دەکەی، بەبڕوای ئەرستۆ یەکەم شت کە دەبێت بیکەیت. ئەوەیە کە دەبێت ئاماژەکانێ "کات" تۆمار بکەیت، واتە ئەوەی ئێمە دەیبینین حەقیقەتێ مەسەلەی کاتە.

خودێ ئەرستۆ نەک چۆن لە ئێمە دیارە و هەم ئەزموونە هەستیەکانی ئێمەیەو هەم گوتەو بیروباوری ئاسایی ئێمە لە خۆ دەکرێ .مامەلایەکی فراوانە کەدەبێت دابەش بکری بۆ بەشی لا بەلاو ئەرستۆ بەتەواوی ئەوە پەسەند دەکات کە ئێمە هەندێک جار زیاتر پشت بەهەستەکانی خۆمان دەبەستین . هەندێک جاریش زیاتر بشت بە قسەو تیۆری ئاسایی دەبەستین. بەرای من ئەرستۆ لەسەر حەقە کەپێی وایە ئەو مامەلەیە گشتێتی تێدایەو فاکتەری رێکخرە. بۆچونی ئەرستۆ بەباوری من بۆ چونێکی زۆر ژیرانەییە. ئەوەییە کە هەستیش وەک باوەر، خاسلەتی دەربرین و هەلبژاردنی هەییە. شێوەی تێگەشتنی ئێمە لەهەر شتێک. بەشێکە لە تێگەشتنی عاقلی و ئێمەو کار لەوە دەکات . کە چ مانایەک لە جیهان بەرهەم دێت.(ماگی،بێ سال،ل 74-75)

لێرەدا ئەرستۆ قسەیەکی زۆر گرینک و هەمەکی دەکات" هەموو مرۆڤێک خولیای فێربوونی هەیە: ئەمەش لەهەست کردن دەردەکەوێ. بێجگە لەوەی هەستکردن سود بەخشە ، ئێمە حەزیشی لێدەکەین ، لەنێو هەستەکانیشدا زیاتر حەز لەبینین دەکەین، تەنانەت ئەوکاتەی بەکاریشی ناهێنین ، هەر دەمانەوی :

دیارە هۆی ئەمە ئەوییە کە:

.1بینین لەهەستەکانی دیکە زیاتر فێرمان دەکات.

.2جیاوازی نێوان شتەکانمان بۆ دەردەخات.

لەگەل ئەوەشدا مرۆڤ ئاژەل لەهەستی بینیندا یەکسانن . ئاژەلیش وەک مرۆڤ هەستی بینینی هەیە" هەندێکیان لەگەل هەستکردندا یادیش دەکەنەوە. ئەوانەی یاد دەکەنەوە لە زیندەوەرەکانی دیکە باشترە فێردەبن. هەندێکیان نابیستن ، هێشتا ژیرن، بۆنموونە هەنگ یان ئەوانەی لەهەنگ دەچن. ئەوانەێ لەگەل بیستندا یادکردنەوەشیان هەیە، توانای فێربوونیان زۆرترە زیندەوەرەکان بێجگە لە مرۆڤ بەروالەتی

یــــادکردنەوە ژیــــان دەگـــوزەرێنن بەلام پەیوەنـــدی نێـــوان ئەزموونەکـــان لاوازە . مـــرۆڤ لەســـــەروێ ئەو زینــــدەوەرانەییە کە بەهـــۆی یــــادکردنەوە دەژی: بەلام جیـــاوازی نێـــوان مــرۆڤ و ئــاژەل ئەوەیە کە مــرۆڤ ئەزموونەکــان بەیــێکەوە دەبەســتێتەوە. تــا ئەنجــامگیری بکــات راســتە ئــاژەل ژیــری و یــادکردنەوی هەیــیە بەلام ریــژەی ژیــری لەلای هەریەکیــان جیــاوازە. واتە ریــژەییە، جیــاوازی مــرۆڤ و ئەقــلە و عەقــلەکەی لەگەل ئاژەلانــدا. ئەوەیــیە کە مـــرۆڤ لۆجیکیـــانە هێـــزی بەســـتنەوەی ئەزموونەکـــانی هەیە وئەنجـــامگیری تیـــادا دەکـــاتە، هەر وەک زانســـت و هـــونەر بەرهەمـــی ئەزموونەکـــانی مرۆڤن.(جەمـــال،2014،ل 11-12)

ئەرســتۆ دووجــۆر عەقلــی لە یەکتــری جیــا دەکــاتەوە: عــاقلی تیــۆری و عــاقلێ کردەیــی. ئامـــانجی عـــاقلێ تیـــۆری تێگەشـــتنە لەپرســـە تیۆرییەکـــان و بـــابەتی عـــاقلی کردەیـــی کــردەوەی ئەخلاقیــە. عــاقلی کردەیــی پێــوەری بــژاردە عاقلانیەکــانە، پیشــان دەدات . عــاقلێ تیــۆری عــاقلێکی پەتــیە، بەلام عــاقلی کــردی بــۆ گەشــەکردنی خــۆی پێویســتی بەکۆمەلگــایە ، مرۆڤـــی دادپەروەر دەبێـــت لەنـــاو مرۆڤەکـــانی تـــردا بێـــت تـــا بتوانێـــت بەدادپەروەری هەلســوکەوت بکــات و مرۆڤــی ئــازا دەبێــت ئــازادییەکەی خــۆی لەنــاو کۆمەلگــادا دەربخــات، کۆمەلگــا یــان دەولەتە شــار بــۆ ئەوەی درووســت بــێ کەتوانــای ژیــانی عــاقلی مــرۆڤ لەم عــالەتەدا واتە عــاقلی کردەیــی و فەزیلەتــی رەوشــتی مرۆڤــدا تیــدا گەشــە بکــات و دەرفەتــی ئەوە برەخســـــێنێت تـــــا لەســـــەر پرێنســـــیپی میـــــانرەوەی هەلســـــوکەوت بکات.(پوولادی،2005،ل 66)

هەروەهــا ئەرســتۆ تــالیس دەلــێ تەنهــا یەک جیهــان هەیــیە، کە ئــێمە بتــوانین لێکــۆلینەوەی فەلســـەفەی دەربـــارەی بکەیـــن، ئەویـــش ئەو جیهـــانەییە کە تیـــدا دەژیـــن و ئەزمونمـــان لەبــارەییەوە هەیە. لە چــاوی ئــێمە ئەو جیهــانەی کە تیــدا دەژیــن هەتــا هەتــاییەو مــایەی سەرســـورمان و بیرلێکـــردنەوەییە . بەلای ئەوە هەســـتی سەرســـورمان بەپـــلەی یەکەم وای لەمــرۆڤ کــردووە خەریکــی بیــری فەلســەفی بێــت مــرۆڤ چ وەک بــونەوەرێکی تەنیــاو چ وەک کــۆمەل دەیەوێــت لەم جیهــانە تێگــات و بیناســێت . هەروەهــا ئەرســتۆ تــالیس پــێ وابــوو ئــێمە نــاتوانین لەدەرەوەی ئەم جیهــانە پــێگەیەک پەیــدا بکەیــن و لەوێــوە خەریکــی فەلســــەفەی بــــین ، ئەوەی بەبەتەواوی لەدەرەوەی بــــواری هەمــــوو شــــێوازێکی ئەزمونگەرایــدا بــێن، بــۆ ئــێمە بــایەخێکی نــیەوە هــیچ نــیە، نــاتوانین بیکەیــنە بەلــگەو باســی لێوەبکەین لەبەر ئەوەی ناکرێ بە شێوەیەکی گونجاو تاوتوێ بکری.

ئەگەر خۆمــان بخەیــنە گێــژاوی ئەو شــتانەی نــاتوانین بەئەزمــوون پەیــان پێــبەرین ، ئەوا دەکەویـــنە بـــازنەی پـــرو پـــوچەوە .ویســـتی ئەرســـتۆ تـــالیس بۆناســـینی جیهـــانی

هەستپێكراوی ئەزمونكراو حەزێكی لەبن نەهاتوو بووە. بەدرێژای هەموو ژیانی بەوپەری هێزو تواناو خۆماندوكردن بەقول لەجۆرەها بواری جیاوازو پان و بەریندا سەرقالی لێكۆلینەو تویژینەوە بووە. یەكەم كەس بووە كەبەردی بناغەی لێكۆلینەوەی لە جۆرەها بوارەكانی زانستدا داناوە. بەلێهاتووی خۆی ناوەی بۆ زۆر بواری لێكۆلینەوە داناوە.(ماگی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل67-68)

_هەروەها ئەرستۆ لە كتێبێكی بەناوی فەلسەفەی یەكەم یاخود ) دانایی((sophia)داناوە ...لەدوایدا ناوی میتافیزیكی بەسەردا براوە، لەبەشێكی ئەم بەرهەمەدا بەم شێوەییە دەست پێی دەكات :ئەبێ زانینی هۆییەكان ئەركی فەلسەفە بێت، ئەو هۆیانەی ئەبنە مایەی خولقان و روودان و دروست بوونی شت و بوونەكەیان لێ وەردەگرن ... كەواتە فەلسەفە زانینی هۆیەكانە .. بەلكو زانستی یەكەم هۆیەكانە....چونكە فەلسەفە لە لقەكانی زانست جیاوازە ئەم جیاوازەش بەم جۆرەییە:ئەرستۆ لەسەرەتای ئەم كتێبەدا دەلێ: "هەموو كەسێك ئارەزووی شت زانینی هەیە ، بەلگەی ئەم قسەیەشمان ئەم تام و چێژەییە كە لەكاتی كاركردنی هەستەكانی پێمان دەگات" بەلام لەنێوان زانست و ئەو زانینەی كە بەهۆی تاقیكردنەوە دەسگیر دەبێت جیاوازیەكی گەورە هەییە.ئێمە بەدوای ئەم زانینە دائەگەرێین كەلە تاقیكردنەوە سادەو جیایە، ئەم تاقیكردنەوەییە بە وەبیرهاتنەوە بەندە، چەند بیرەوەرییەكیش دەربارەی شتێك، تاقیكردنەوەیەك پێك ئەهێنین..... زانست ئەیەوی بیرێكی گشتی پێكبهێنێت كە دەربارەی هەموو حالەتە هەندەكی و تاكەكان راست بێ... تاقیكردنەوە تەنها بوونی شتەمان پێ دەلێ وەك بلێن ئاگر هەمیشە گەرموو سوتێنەرە ئەم دەرمانە فلانە نەخۆشی لەناو ئەبات.. بەلام ئێمە ئەمانەوێ بزانین بۆچی ئاگر گەرم سوتێنەرە... هۆیەكەی چییە؟ لەبەرچی فلانە دەرمان فیسارە نەخۆشی لەناو دەبات؟ هەر لەبەر ئێمە بەدوای زانستدا ئەگەرێین، چونكە ئەبێتە مایەی ئەوەی هۆیەكانی بزانین... كەوابوو سەرەتای هەموو زانستەكانە زانین یەكەمین هۆو زانستی یەكەم هۆو زانستی یەكەم هۆیەكانی بوونی روتە.(عەزیز،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل164-165)

لەمیتافیزیكدا مامۆستای یەكەم قسەیەكی دەربارەی هەستەكانی دیتن ، چاو كردووە كەبۆتە بابەتێك لە هەموو كۆڕو كەمەلەو كتێبە میتافیزیەكاندا خوازراوەتەوە دەخوازرێتەوە:( هەموو مرۆڤێك سروشت ئاسا كۆششی شت زانین دەكات، ئەوەش لە خۆشویستنی كاری تێبینی و هەستەكاندا دەردەكەوێت، كە هەموو چێژیان لێ وەردەگرێ، ئەم خۆشویستنە لە پێناوی خۆی دایە نەك بۆ ئەو سودو قازانجە بێ كەلێی دەكەوێتەوە. لەهەموویان پتر لەكاری هەستەكان گرینگتر ئەوەیە، كەبەهۆی

دیتنـی چاوەکـانەوە بەدەسـت دەگـات، تەنـانەت ئەگەر ئـێمە نەشـمانەوێ ئـێمە شـتێک بکەیـن .ئـێمە دیـتن بە باشـتر دەزانـین هۆکـاری ئەو باشـتر دانـانەی دێـن،:ئەوەیە دەبێـتە مـایەی ئەوەی لەهەمـوو هەسـتەکانی تـر بەهـۆیەوە شـت بـزانین و زۆر جیـاوازی نێـوان شـتەکان ئاشـکرا دەکـات راسـتە چـاو ئـامرازێکی گرینگـی دیـتن و زانیـنە و چـالاکیەکەی و ئەو ئەنجـامەی لێـدەکەوێتەوە چێـژی خۆشـی بەو کەسـە دەگەیەنێـت کە دەیبینێـت دیـارە ئەو خـۆی لەخۆیـدا لەچـاو مرۆڤـی نابینـادا، دەسـتەبەری خۆشـی ژیـان و بەردەوام بـوونەکەی دەبـێ . بەلام ئەوەی لێـرەدا چ لەکـایەی فەلسـەفەدا بەگشـتی ( تیـۆری زانـین)و لە میتافیزیکیـدا بەتـایبەتی بەرپەرچـی ئەو راو بۆچـوونە دەداتەوە لەو پرسـیارەوە دەکەوێتەوە:ئایـا هەسـتەکان بەگشـتی و چـاو باتـایبەتی ئەو ئـامڕازە راسـت و دروسـت و گومـان هەلنەگـرەی زانینـی راسـتەقینەیە؟ ئەرسـتۆ پـێش فەیلەسـوفەکانیتر ئەو پرسـیارەی بە (( نـا)) وەلامـداوەتەوە، سـوکرات کە سـاغ بـێ ((شـەراب))لە دەمیـدا خۆشـە، کەچـی کە نەخۆش بێ هەر ئەو شەرابە خۆی تال و تفتە. باشە، شەرابەکە خۆشە، یان تالە؟

بەپێـی رەوشـی هەسـتی مـرۆڤەکە دەگـۆرێ!دارو درەخـت لەدورەووە بچـوک و لەنـزیکەوە گەورە دێنە بەرچاو.

کەوا بـوو هەسـتەکان نـاکرێ بـبن بەو ئـامرازەی مـرۆڤ لە ژیـانی تـوێژینەوەو لێکـۆلینەوەدا پشـتیان پـێ ببەسـتێ. کەوابـوو زانسـت ( بەواتـای سـەردەمی ئەرسـتۆ کە فەلسـەفە دایکـی هەمـوو زانسـتەکان بـووە) دەبـێ بەدوای ئـامرازێکی دیـکەدا بـگەرێ، ئامرازێـک کەرەسـەیەکی بـداتە دەسـت ئەگەر خـاویش بـێ، ئەگەرو گومـان هەڵنەگـرێ! هەسـتەکان وەک ئـامرازی هـاوردەی کەرەسـتەی زانـین هـیچ کاتێـک زانسـت بەبـێ چەنـد و چـۆن پشـتیان پێ؟نابەسـتێ، چـونکە ئەو داتایـانەی دەیـدەنە دەسـت، هەنـدەکین و دیـاردەی جیاوازو جۆرو بەجۆر بەردەستە دەکەن.(عەزیز،2016،ل 35)

لەمـانەش بنەمـایەکی لەبەرهەمەکانیـدا دووخـال سـەرنج رادەکێشـن، کە دەکرێـت بکـرێن بەیاسـاو و ئەرسـتۆ بخـرێتە خـانەو رێبـازی ژیرەکـی لەپرۆسـەی زانینـدا: یەکەم: ئەرسـتۆ تەواو بێـی لەسـەر ئەوە داگرتـووە، کە مـرۆڤ لەسروشـتا بـونەوەرێکی ژیـرە، گەوهەرێـکە خەسـلەتە سـەرەکیەکەی ژیـرەو ئەم خەسـلەتە لە زینـدەوەرەکانی دیـکە جیادەکـاتەوە. بـونەوەری ژیـر بەپێـی بۆچـوونی مامۆسـتای یەکەم ئەو کەسـەیە، کە هەمیشـە سـەرگەرمی گەرانە بەدوای هۆکـاری سـەرەکی و دوا هۆکـار، کەهۆکـاری هەمـوو هۆکارەکـانەو خـۆی بـێ هۆکـارە، ئینجـا کۆشـش دەکـات، هەمـوو وتەیەکـی، گریمـانەیەکی، کەبریـارێکی کەبیـدات، پاسـاو بـداتەوەو سـاغیبکاتەوە. ئەگەرچـی ئەو لایەنە لە لـۆچیکەوە نـزیکە، بەلام دەکرێـت لەخـانەی پرۆسـەی زانینـدا جـێگەی بـۆبکرێتەوە . بـۆ

پشتراستكردنەوەی لەشاكاری فەلسەفەی یەكەم ( میتافیزیك) دا وتویەتی ، هەندێك بابەت هەن مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لەرێگەی ژیریەوە پەییان تێبەرێت و بیانزانێت ئەرستۆ هەر لەو سەرچاوەیەدا باسی بونەوەرو نابونەوەر دەكات و دەلێت، تەنیا بەهۆی سەرنجدانی فۆرمەكانی ئەوەی وتراوە و دەوترێت و بەپێی توانای بەراستەقینە بوونیان و راستی، یان چەوت، یان دەكرێت لەبارەیانەوە بوترێت.ئەمەش تەنیا هەر ئەركی ژیرە. دووەم: لەسەرەتای شاكاری میتافیزیكدا، ئەرستۆ بەو رستەیە دەستیپێكردووە: لەسروشتدا مرۆڤەكان هەولی زانیندەدەن. ئەو بریارەی ئەرستۆ دەچێتە خانەو ریزی ئاراستەی ژیرەكی لەپرۆسەی زانیندا، چونكە وایداناوە ، كەمرۆڤ لەپێش هەموو شتێكدا سەرگەرمی زانینە، بەلام راستی ( هەقیقەتی) نەكردووە كەوابوو زانین خەسلەتی سەرەكی مرۆڤەو ئامانجی پرۆسەی زانینە. راستی بابەتی لۆجیكە. نەبێت ئەو فەیلەسوفە رۆڵی ئەزمونی و شارەزایی پشتگوێ خستبێت، بەلكو بەپێی رەوشی كولتوری فەلسەفەو زانستی سەردەمی خۆی پلەو رۆلی شایستەی پیبەخشیوە.(عەزیز،2016،ل19)

گومان لەوەدانیە كەئەزموون تاقیكردنەوە شارەز (ERFAHRunG)هەریەك لەوانە خاسلەتی تاك و تاكە كەسیەو تاكە كەسان بۆشت زانین پشتیپیدەبەستن. كردار رەفتار رووداو بیركردنەوەش لەچوارچێوەی چوست و چالاكی تێر سروشتەكەی هەر چۆنێك بێ. لەرەوشێكی تاكدا پەیدا دەبێت و پشت بە ئەزموون . شارەزای دەبەستێت و لەكۆی ئەو رەوشت و هەلوێستە تاكانەوە زانین و شارەزای گشتی. بەوجۆرە بۆچوونی ئەرستۆ دەربارەی كەرستەی زانین بەلای ئەزموندا دەچێت و هەست و پەیپێبردنی هەستەكی ئەو ئەركی زانینەی پێ سپێردراووە . ئەو بۆچونەی ئەو فەیلەسوفە پەرشوبلاوە لەچەند بەرهەمێكدا تۆماركراون و كۆكراونەتەوە لەچوارچێوەی یەكەیەكی یەک رەنگی ، ئەگەر ئەو پەری گرانی و سەخت نەبێت ، ئاسان نیە، بەوپێیەی ئەرستۆ دوو ئاراستەی سەرەكی لەچوارچیوەی پرۆسەی زانین رەنگ رشتوە كەدواتر خەت و خالی داوە بەرێبازی ئایدیالیستی .ریالیستی ناسراون ، پشت بەژیرو ئەزموون هەستەكی دەبەستن.(عەزیز،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل20)

## ئەنجام

دوای ئەوەی توێژینەوەیەکمـــــان کـــــرد دەربـــــارەی تێروانینـــــی ئەرســـــتۆ لەبـــــارەی مەعریفەتناســـی هەولمانــدا لە هۆکارەکــانی زانــین و مەعــریفە و ئامرازەکــانی و چــۆنیەتی زانــین بکــۆلینەوە لای ژمــارەیەک لە فەیلەســوفی بەناوبانگەکــانی جیهــان کە کــاریگەریەکی زۆریـــان لەســـــەر فەلســـــەفە بەگشـــــتی و زانـــــین و مەعـــــریفە بەتـــــایبەت هەبـــــووە لە فەیلەســـــوفەکانیش (فیســـــاگۆراس، پارمەنـــــدیس ،ئەفلاتـــــۆن)کە هەر یەکەو تێروانینـــــی جیاوازیــان هەبــووە بــۆ زانــین مەعــریفە .وە بۆمــان دەرکەوت کە ئەرســتۆ پێــی وایە زانــین مەیلێکـــی سرووشـــتنیە لای مـــرۆڤ و بـــابەتی زانـــین ئەو واقعەیـــیە کە لە دەوورووبەری مرۆڤـــدا  هەیە لە جیهـــانی دەوورووبەر  وە ئەو ئـــامرازەی کە ئـــێمە بەهـــۆیەوە دەزانـــین بـــریتیە لە هەســـتەکان بەلام ئەمە ئەوە ناگەیێنــت تەنهــا هەســـتەکان زانینــی راســـتیمان بـــۆ دەســـت نیشـــان دەکـــات . یـــان دەردەخـــات واتـــا ئەرســـتۆ پێـــی وایە کە زانینـــی راســـت و درووســت زانینــی هەمەکییەکــانن بەلام مــرۆڤ نــاتوانی ئاگــاداربی لێیــان واتــا هەمەکییەکــان . بەلکـــوهەر ئاگـــادارە لە هەنـــدەکیەکان بـــۆیە ئامـــاژە بە ئاقـــل و ژیـــری دەدات، چـــونکە هەرچـــی هەســـتاکانن تـــایبەتە بەزانـــین دەربـــارەی شـــتە هەنـــدەکیەکان بەلام ئـــێمە هەمەکییەکانیشـــمان هەیە کە تـــایبەتە بە ئاقـــل .لێـــرەوە رۆلـــێ ئاقـــل دێتـــە کـــایەوە. کەواتە هەســتەکان یەکەم هەنگــاوە بــۆ زانیــنن لەدوای ئەوەوە رۆلــێ ژیــر دێـت کە رۆلێکــی گرینــگ هەیە بۆ تێگەشتن.

## لیستی سەرچاوەکان


1- ئەحـــمەد ، ســـیروان،(2009) دەروازەیەک بـــۆ فەلســـەفەی کلاســـیک . چـــاپی یەکەم ، هەولێر

2- ئاشقرا ، عوسمان،(2012) کورتەیەک لەهزری رۆشنگەری، چاپی یەکەم ، هەولێر

3- ال‌ألوسی ، حسان،(٢٠٠٧) سەرەتاکانی فەلسەفە ، چاپی دووەم ، سلیمانی

4-رەسول ، ریبین،(٢٠١٢) ئیپستیمۆلۆژیاو فەلسەفە، چاپی دووەم ، هەولێر

5-حسێن ، ئەنوەر ،(بێ سال )ئشنابوون بەئەفلاتون، چاپخانەی کارۆ

6-صدیق ، حسێن جباری، (٢٠٢٢) دەروازەیەک بۆزانین ، چاپی یەکەم ، هەولێر

7-سدیق ، فوئاد،(٢٠١٥) فەلسەفە تامردنی نیچە، نەورۆز ، هەولێر

8-ســـتران ، پـــۆل (٢٠٠٨) ئەفلاتـــۆن، دەزگـــای تـــوێژینەوەی بلاوکـــراوەی مورکریـــانی ، هەولێر

9-سیوەیلێ ریبوار، (بێ سال) دیکارت و عەقلانیەت ،چاپی یەکەم ، هەولێر

10-عبدلجبار، نبیل عبدالحمید (٢٠٠٣) الفلسفة لمن یرید ، مطبحة روشهلات ، اربیل

11-علی ، بەختیار (٢٠١٢) مەعریفەو ئیمان ، چاپی یەکەم ، سلیمانی

12-عەزیـــز، حەمیـــد (2012) بنەرەتەکـــانی فەلســـەفەی کـــۆمەلایەتی، چـــاپی دووەم ، هەولێر

13-عەزیـز ،حەمیـد، (٢٠٠٨) سـەرەتایەکە لەفەلسـەفەی کلاسـیکی یۆنـان ، چـاپی سـییەم ، هەولێر.

14-عبـدولجبار، نبیـل عەبدولحەمیـد (2010) فەلسـەفە بـۆ ئەو کەسـەی دەیەوی ، چـاپی یەکەم ، هەولێر

15-عەزیر، حەمید (2016) میتافیزیک ،چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر

16-عەزیز ، حەمید (٢٠١٦) تیۆری زانستی زانستیانە ، چاپی یەکەم ، هەولێر

17-غولامی ، ئەحمەد (٢٠١٥) فەلسەفەی یۆنانی کۆن ، چاپی یەکەم ، هەولێر

18-کەمال ، محەمەد( ٢٠١٠) فەلسەفەی ئەفلاتۆن، چاپی یەکەم ، سلیمانی

19-کەمـــال ، مـــحەمەد (٢٠٠٢) کێشـــەی بـــوون لەمێـــژووی فەلســـەفەدا ، چـــاپی یەکەم ، هەولێر

20-گۆردەر، پۆستاین (٢٠١٩) جیهانی سۆفیا ، چاپی یەکەم ، هەولێر

21-میران، رەشاد (بێ سال) مەعریفە ، چاپی یەکەم ، هەولێر

22- ماگی، برایان،(٢٠١٢) مێژووی فەلسەفە،چاپی دووەم ، هەولێر